# ئاڵا

**د. ئەحمەد میراودەلی**
Mirawdaly@hotmail.com

لە ڕۆژی دووی ڕێبەندانی ساڵی1946 لە شاری مەهاباد و لەمەیدانی چوارچرا و لە هەموو بەشەکانی کوردستانەوە جەماوەرێکی زۆری کورد, چاوەڕوانی بەدیهاتنی ئامانجی سەدان ساڵیان بوون. بەتەمای دەنگوباسی نوێ, کش ومات وەستابوون و چاویان بڕیبوە شوێنی قسەکردن.

لەسەرخۆو بەهێمنیەوە پێشەوا قازی محەممەد بەرەو شوێنی قسەکردن هەنگاوی نا ...سەرکەوت ...ڕاوەستا. ڕویکردە جەماوەر و بەدەنگێکی کاریگەر و پڕ سۆز ...پاش بەخێرهاتن وتی

(کورد گەلێکە زاتییەتی تایبەتی خۆی هەیە ئەرزی تایبەتی خۆی هەیە وەکو هەموو گەلان مافی بڕیاردانی چارەنووسی خۆی هەیە. کورد لە نووستنێکی دووروودرێژ ڕاپەڕیوە و دۆستی بەهێزی هەیە ........ئیتر ووڵاتی سابلاغ لە حکومەتی تاران جیابۆوە و لە ئێستا بەدواوە ڕایدەگەیەنێ کە سەربەخۆیە...هتد)

دوای ئەوەی سەرەتای کۆمار دامەزرا لە شەشی ڕێبەندانی 1946 دا. ئاڵای دەوڵتی ئێران لەسەر هەموو داموودەزگاو قوتابخانەکان داگیراو هەر لەو ڕۆژەدا ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان بەرزکرایەوە.

قازی نەمر: لە وتارەکەیدا بەبۆنەی بەرزکردنەوەی ئاڵاوە فەرموویەتی (جەماوەری مەهاباد لە هەموو کوردێکیتر بەختەوەرترن, پاش سەدان ساڵ تێکۆشان و هەزاران شەهید لە سەرانسەری کوردستاندا, بەچاوی خۆیان دەبینن لە شارەکەیاندا ئاڵای کوردستان بەرز دەکرێتەوە. بەرپرسیارین بەرامبەر شەهیدان بۆ خۆبەختکردن و پاراستنی ئاڵاکەمان. ئەم ئاڵایە بۆیە هەڵکراوە کە هەرگیز نەیەتە خوارەوە ئەمەش بە خۆبەختکردن دەکرێ.)

قازی خاوەنی وتەی خۆی بوو, وەك مەسیح ئەویش ئێش و ئازاری هەموو خاوەن بڕوایانی لەخۆگرت و بەشانازی و سەربەرزییەوە لەجیاتی هەموان چوە بەر پەتی سێدارە.

ئاڵا چیە و چ مەبەستێك دەگەیەنێ ؟ ئەگەر پەنا بەرینە بەر دیکسیۆنار( قامووس) ئەوا پێمان دەڵێ

ئاڵا بەشێوەیەکی گشتی پارچە پەڕۆیەکی درێژکۆلە یا چوارگۆشەیە کە وێنە و یان سیمبۆڵی تایبەتی تێدا نەخشێنراوە, بەکاردێت بۆ مەبەستی دەربڕینی ناسیۆنالێتی, پارتێکی تایبەت وبگرە خاوەنێتیش.

ئاڵای مەهاباد وەکو ئاڵای هەر نەتەوەیەك نەخش و نیگارەکانی مەبەستدار بوون ئاوێنەی مرۆڤدۆستی و ژیانی کوردەواری ئەو سەردەمە بوون.

ئاڵا کە نە وێنەی شمشێری خوێنڕشتن و سەربڕینی مرۆ نە ئاژەڵی دڕندەی مرۆڤخۆری تێدا یە. ڕەنگە سپی یەکەی ئاشتی و برایەتی و پێکەوە گونجان لەخۆدەگرێ, ڕەنگە سەوزەکەی سیمبۆڵی بەهرەمەندی کشتوکاڵە, گوڵەگەنمەکەی دابینکەری

سادەترین داخوازی ژیانە, ڕۆژ و پێنوس ئامێری ڕونکرەوەی ڕێگەی مرۆڤن. ڕەنگی سوری سیمبۆڵی شۆڕشی ئازادی و سەربەحۆیی یە.

کۆماری مەهاباد ویستوویەتی بەجیهان ڕاگەیەنیٚ کە نەتەوەی کورد, نەتەوەیەکی جیاواز و خاوەن قەوارەی تەواوی نەتەوایەتی یە. داگیرکردن و چەوساندنەوە نەیتوانیوە بیتوێنێتەوە و نەتەوەیەکی زیندوەو هەرماوە و هەر دەمێنیٚ.

لامان ئاشکرایە وەك ژێردەستەیەك مێژوو و کولتوورەکەشمان دوچاری جێنۆساید بووە, ئەوەتا مێژوی بەر لە نیو چەرخمان بەدواوە تەموو مژێکی زۆر داپۆشیوەو زۆر بەلێڵی ڕوداوەکان دیارن لێمان.

باشترین نموونەش شێوەی ئاڵاکەی کۆماری مەهابادە(هەندێك دەڵێن مەهابات) کە باس و ڕای جیاوازی لەسەرە.

ئەحمەدی شەریفی: دەربارەی ئاڵا وتوویەتی.( ئاڵای سیٚ ڕەنگی ئێران لەسەر بیناکانی دەوڵەت داگیرا , پێچەوانەی ئەو ئاڵایە بە زیادکردنی گوڵە گەنمێك بەرزکرایەوە بەناوی ئاڵای ئازادی کوردستان. )

وەکو ئەو باسیکردوە ئاڵای مەهاباد هەمان شێوەوی ئاڵای ئێران بووە بە سەرەو خوارکردنی ڕەنگەکان.

عەلائەالدین سجادی : دەڵیٚ, سەرەتا پارچەیەکی سور, پاش ئەوە پارچەیەکی سپی بە ئەندازەی چوار ئەوەندەی سورەکە, پاش ئەوە سەوز بە ئەندازەی سورەکە. لەناوەڕاستی پارچە سپیەکەدا نیوە کوورە ڕۆژێك, بەسەر ڕۆژەکەوە قەڵەمێك, لەملاو لەولای ڕۆژەکەوە دوو گوڵەگەنم بە ڕەنگی زەرد. لە سەراوەردی هەموانەوە بە شکڵی چەمبەر نوسرابوو, دەوڵەتی جمهوری کوردستان.

ولیام ئیگڵتن: دەڵیٚ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان, بەیارمەتی براکانیان لەباشوری کوردستان, ئاڵایەکی سیٚ ڕەنگییان, کە لەسەرەوە سور و لەناوەڕاستا سپی و لە خوارەوە سەوز بوو و لەناوەڕاستاڕۆژێك هەبوو و گوڵەگەنم دەوری گرتبوو لە پشتیەوە چیایەك و قەڵەمێك دروستکرابوو.

لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی پێشوودا, هەروەکو سەرەتای هەشتاکان کارابووم بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەیەکی کوردستانی لە کەنەدا بەنیازی بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی لەناو کوردە ئاوارەکانی  وڵاتەکەدا. دوای پێکهینانی کۆمەڵەکە, لە کۆبونەوەیەکدا بڕیاری بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستانماندا , ئەوکاتە سەرکردایەتی پارتە کوردستانی یەکانی باشوریش ئاوارەبون و جیٚ پێیان لەئەو بەشەی کوردستان نەمابوو.دوای گەڕان لە شاری تۆرۆنتۆ لە دوکانێکی ئاڵا دروستکردن (دیکسیۆنارێکی) ئاڵای وڵاتانمان دۆزییەوە وئاڵای کوردستانمان  بەدروستکردندا. ئەو ئاڵایە نازانم لە کوێوە سەرچاوەی گرتوە  بەڵام  هەمان شێوە ئاڵایە بەدەست بەڕێز نێچیرەوان بارزانی یەوەیە و ئێستاش هەڵمگرتوەو بە شانازیشەوە لە هەموو بۆنەیەکی کوردایەتی و کوردەواریدا بەرز ڕامگرتوە.

بەلای منەوە جێگەی شانازی و خۆشبەختیە ئەوانەی دەیانەویٚ سەرکردەو پێشڕەویی وڵاتێکی سەرفراز و گەلێکی کوردستانی یەکسان بن, ئاڵاش دەستاو دەست بگوێزنەوە.

یادکردنەوەو فێستیڤاڵ بۆ ئاڵاو کۆماری مەهاباد( جا هەرچی ئاڵا یەکبیٚ) کارێکی پیرۆزە.

ئەگەر قازی داویەتیە دەست ئێوە, ئەوا ئەمانەتێکە لەملتان .

بەلای منەوە گرنگ نیە قازی ئەمانەتەکەی داوە بەکێ. گرنگ ئەوەیە کێ لە گەڵ ئاڵاکانی نەتەوەکانی ئەم دونیایە لە "یو ئێن" دەیشەکێنێتەوە.

لە کۆتاییدا داوا لە بەڕێز نێچیرەوان دەکەم ڕاوێژکارە مێژوییە کانی فتکا ئەگەر ڕاوێژکاری وەهای هەیە.

کەنەدا 2005/2/7